Dengekan

# هەڕەشەکانی چین بۆ سەر روسیا

ن/ ئەندریە بیونتکۆڤسکی
و/هێمن مەحمود

ماوەیەك بەر لەئێستا بە ئامادەبونی  سەرۆکی روسیا ڤلادیمێر پۆتن و  سەرۆکی چین هیو جینتاو،هەردوو ولات  مانۆڕێکی سەربازی هاوبەشیان ئەنجامدا،بەلام واپێناچێت کە هاوپەیمانێتیەکی ستراتیژی لەنێوان هەردوو ولاتەکەدا دروست ببێت.چونکە چین ئەو ولاتەیە کە گەورەترین مەترسیە بۆ سەر روسیا،سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردە روسیەکان هەستیان بەم راستیە نەکردووە و شمشێریان هێشتا ئاراستەی ئەورووپی وئەمریکیەکانە.
لەراستیدا چینیەکان پێیان وایە کە زۆرێك لەناوچەکانی  رۆژهەلاتی روسیا حاکی چینین و بەزۆر لێیان سەندراوە.
ئەگەر بێت و سەیری کتێبەکانی خوێندنی چینی بکەین بەتایبەت وانەی جوگرافیا هەموو ئەو ناوچانە دەبینین کە چینیەکان بەهی خۆیانی دەزانن و روسیا لێ ی زەوتکردون.
نەك هەر ئەوەندە بەلکو چینیەکان لە کۆی 24 ولاتی دراوسێیان بانگەشەی ئەوەدەکەن کە لە 11 ولاتیاندا زەوی چینی هەیە.
لە سێپتەمبەری 2006دا سوپای رزگاری میللی چینی مانۆڕێکی سەربازی گەورە بێ وێنەی دەرۆژەی لە هەردوو ناوچەی سەربازی (شینیانغ و پەکین) ئەنجامدا،کە ئەم دوو ناوچەیەش بەهێزترین ناوچەی سەربازی چینین.
ناوچەی (شینیانغ) هاوسێی ناوچەی رۆژهەلاتی هێزە چەکدارەکانی روسیایە و ناوچەی پەکینیش هاوسێی ناوچەی سیبیریای سەربازی روسیایە.
لەکاتی مانۆڕەکەشدا هێزەکانی ناوچەی (شینیانغ) بەقولی هەزار کیلۆمەتر داخلی ناوچەی پەکین بون  و لەگەل هێزەکانی ئەوێدا بە شەڕ هاتن.
چاودێرە سەربازییەکان پێیان وایە ئەم مانۆڕە وەك ئەزمونێك وایە بۆ پرۆسەیەکی سەربازی دژی روسیا.چونکە مانۆڕێکی وا گەورەپێویستی بە خۆئامادەکردنێکی لەپێشتر هەیە و سروشتی جوگرافی ناوچەکە و هێرشەکان هیچ گومانێکی لەوەدا نەهێشتوەتەوە کە روسیا (دوژمنێکی چاوەڕوانکراوە) لەتێڕوانینی چین دا.
ئەوەی کە سەیرە ئەوەیە لەکاتێکدا کە مانۆڕێکی وەها ئەنجامدەدرێت کەچی پەیوەندییە سیاسی وئابورییەکانی نێوان هەردوو ولات لەگەشەسەندندایە.
چینیەکان هەموو هەولێکی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ بەهێزترکردنی شوێنی خۆیان لە ناو روسیا و زیاترکردنی نفوزی چینی.
ئەو هۆکارانەشی وەهایکردوە چین لەمەدا سەربکەوێت پشتگیرکردنی بەردەوامیەتی بۆ پۆتن و دژایەتیکردنی ئەمریکا و رۆژئاوا.
دەبو کە مانۆڕەکەی پەکین- شینیانغ سەرکردەکانی روسیا بخاتە ئەو بڕوایەی کە نیازەکانی چین هەمیشە باش نیە،کەچی ئەو سەرکردانە ئەوەیان لەبیرکرد و بەردەوامبون لە فرۆشتنی چەکی پێشکەوتو بە چینیەکان.
ئەوەشتێکی ئاشکرایە کە ئاراستەی دیپلۆماسی ئێستای روسی لەبەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی نیە ، سەرکەوتنی روسیاش لە بواری سیاسی وئابوریدا لەبەرژەوەندی چین نیە.
بەلکو چینیەکان وایان پێ باشترە کە روسیا سەرچاوەیەکی مەعادن و وزە بێت و پشتێکی ستراتیژیش بێت بۆ روبەروبونەوەیان لەگەل ئەمریکادا.
هەر بەهەمان ئاراستە چینیەکان وەها سەیری رێکخراوی (شەنگهای sco)دەکەن کە نفوزی خۆیان بەهێزتردەکات لە ناوەڕاستی ئاسیادا.
لەراستیدا دروستبونی ململانێ لەنێوان روسیا وچین شتێکی چاوەڕوانکراوە بەتایبەتیش لەناوەڕاستی ئاسیا،نەك هەر لەسەر نەوت و سەرچاوە سروشتیەکانی دیکە،بەلکو لەسەر ئاویش،چونکە چین مەترسی  بێ ئاوی لێدەکرێت.
نزیکەی 36سال دەبێت (ریچارد نیکسۆن) و (ماوتسی تۆنگ) سیاسەتی جیهانیان سەرەوژێرکردوە بەوەی کە هەریەك لەو دوو سەرکردە لەوەتێگەشتن کە  یەکێتی سۆڤیەت مەترسی هەرە گەورەیە بۆ سەریان، ئێستاش پێویستە لەسەر ڤلادیمێر پۆتن کە چاو لەنیکسۆن بکات و بگات بەو بڕوایەی کە دژایەتیکردنی رۆژئاوای ستراتیژیەتێکی گێلانەیە لە کاتێکا کە گەورەترین هەڕەشە روبەروی روسیا بێتەوە لەرۆژهەلاتەوەیە.

سەرچاوە/
رۆژنامەی (الرایە)ی قەتەری